ئایاری
٢٠١٥

# چەکدارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە

ئا. ئاریان رەوف

رۆژی سێ شەمە رێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٢ گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان (group International crisis) راپۆرتێکی بە ناونیشانی ( Arming Iraq’s Kurds: Fighting IS, Inviting Conflict) بڵاوکردوتەوە. لە کورتەی راپۆرتەکەدا باس لەوەدەکات کە وڵاتانی رۆژئاوا لەگەڵ هێرشەکانی داعش بە پەلە دەستیان کردوە بە چەکدارکردنی هێزە کوردییەکان، بەبێ ئەوەی بیرلەوە بکرێتەوە کە ستراتیژیەتێکی ئەوتۆ بگیرێتەبەر تا کە لەگەڵ هێزێکی یەکگرتوو مامەڵەبکرێت بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی داعش، نەک هانی چەکدارکردن و دروستکردنی گروپی چەکداری ناحکومی بدرێت لەعێراقدا....

International Crisis Group
WORKING TO PREVENT CONFLICT WORLDWIDE

ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

## دەستپێك

ڕۆژی سێ شەمە ڕێکەوتی ٢٠١٥/٥/١٢ گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان (group International crisis) ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی (Arming Iraq’s Kurds: Fighting IS, Inviting Conflict) بڵاوکردوتەوە. لە کورتەی ڕاپۆرتەکەدا باس لەوەدەکات کە وڵاتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ هێرشەکانی داعش بە پەلە دەستیان کردوە بە چەکدارکردنی هێزە کوردییەکان، بەبێ ئەوەی بیرلەوە بکرێتەوە کە ستراتیژیەتێکی ئەوتۆ بگیرێتەبەر تا کە لەگەڵ هێزێکی یەکگرتوو مامەڵەبکرێت بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی داعش، نەك هانی چەکدارکردن و دروستکردنی گروپی چەکداری ناحکومی بدرێت لەعێراقدا.

لە بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە دەکات کە چەکدارکردنی هێزە کوردییەکان، بووەتە هۆکار بۆ دروستکردنی ناکۆکی لە نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئەم ناکۆکیەش لە دەرئەنجامدا ڕێگەی بۆ هێزە هەرێمیەکان خۆشکردوە کە دەست لە سیاسەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان وەربدەن. ئەویش بە دەستێوەردانی ئێران لە ناوچەی جێ نفوزی یەکێتی و بە دەستوەردانی تورکیا لە ناوچەی جێ نفوزی پارتی ڕەنگیدایەوە.

هەروەها ئەم جۆرە چەکدارکردنە پەیوەندییەکانی کوردو گروپە خاوەن ڕۆڵەکانی تری ناوچە جێناکۆکەکانی بە جۆرێك لە جۆرەکان ئاڵۆزترکردووە، کە ڕەنگە دۆخی جەنگی دژ بە داعش لەو ناوەندانەدا درێژە پێبدات. لەگەڵ ئەوەشدا سەرەڕای ئەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا بە چەکدارکردنی کوردەکان هەستاون، بەڵام ترسی ئەوەشیان هەیە کە ئەم هەنگاوە سەربکێشێت بەرەو دۆخی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان لە عێراقدا.

ڕاپۆرتەکە پێداگری دەکات لە بە نیشتمانیکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و بە پیشەیی کردنیان و دەرکردنیان لە چنگ و دەستی حیزب. هەروەها ڕێنوێنی هاوپەیمانان دەکات لە بری هاوکاری و هەماهەنگی سەربازی، پێویستە هانی کورد بدەن بۆ یەکخستن و بە دامودەزگاکردنی یەکە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییەکان، بە شێوەیەك کە دووربێت لە دەستێوەردانی حیزبی، ئەوەش تەنها لە کاتێکدا دەبێت کە ئەولەویەتی هەردو هێزی پارتی و یەکێتی خۆی لە بە پیشەیی کردنی هێزی پێشمەرگەدا ببینێتەوە، نەك بە حیزبی کردنی.

هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا داوای هەماهەنگی دەکات لە نێوان کورد و گروپە خاوەن ڕۆڵەکان و نەتەوەکانی وەك (تورکمان و عەرەب) لە ناوچە جێناکۆکەکان. زیاتر لەوەش ڕێنوێنی دەدات کە بە هەماهەنگی کورد و حکومەتی فیدراڵ پلانێك دابرێژرێت بۆ بەهێزکردنی پشتێنە و هاوکاری ئەمنی لەو ناوچانەدا.

بەشێکی تری راپۆرتەکە تەرخان کراوە بۆ راسپاردەکان و کۆی راسپارەکانیش بریتین لە ١٠ خاڵ کە بەشێکی گرنگیان ئاراستەی هەرێم کراون، بە شێوەیەکی گشتی راسپاردەکان بەم شێوەیە ئاراستە کراون:

١. بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئەندامانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی
٢. بۆ وەزیری پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی
٣. بۆ سەرۆکایەتی هەرێم
٤. بۆ حکومەتی عێراق
٥. بۆ حکومەتی تورکیا و ئێران

## چەکدارکردنی کوردەکانی عێراق : شەری دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ( IS ) ، بانگهێشتکردن بۆ ناکۆکی

## Arming Iraq's Kurds: Fighting IS, Inviting Conflict

### کورتە و راسپاردەکان

وڵاتانی رۆژئاوا بە پەلە دەستیان بە هاوکاری سەربازی کوردەکانی عێراق کرد بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی (IS) لە یونیوی ٢٠١٤، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە ستراتیژیەتێکی تۆکمە بگرێتە بەر بۆ مامەڵەکردن، ئەوەش خۆی لە روبەرو وەستاندنەوەی یەك هێزی سەربازی دژ بە هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسسلامی ببینێتەوە. نەك پێکهێنان و چەکدارکردنی میلیشیاو گروپە چەکدارییە ناحکومیەکان لە عێراقدا.

لە لایەکی دیکەوە هەر زوو بونیادنانی هێزی کوردی بووە مایەی دابەشکاری سیاسەتی کوردی و فراوانبونی بیٙ متمانەیی لە نێوان ئەم هێزەو ئەو هێزانەی تر کە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا بونیان هەیە. هەروەها ترس هەیە لەوەی ئەم جۆرە چەکدارکردنە درێژە بە جەنگ لە دژی داعش بدات و بارودۆخەکە ئاڵۆزتر بکات.

هەوڵدان بۆ بە دامەزراوەی و پیشەیی کردنی هێزە چەکدارییە کوردیەکان، سەرەرای ئەوەی ترسی لای هێزە رۆژئاواییەکان دروستکردوە، لە بارەی هێنانە ئارای هەلی سەربەخۆیی بۆ کوردەکان، بەڵام لە ئێستادا پارتە کوردییەکان زیاتر پشتیان بە هاوپەیمانان لەگەڵ تورکیا و ئێران بەستوە، لەوەتەی داعش هاتوە. تورکیا ئەو وڵاتەیە کە توانای پێدانی داهاتی فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆی کوردەکانی هەیە، چونکە ئەوانیش پێویستیان بە جوڵەی کارا هەیە بە هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی. ئەمە لەکاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لەبەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە کورد کە ئامادەیە بەو هەنگاوە هەڵبستێت، لەبەرامبەردا بەشێکی دیکە لە بەڵگەکان ئەوە پیشاندەدەن کە ئارەزویەکیش هەیە، بۆ هێشتنەوەی عێراق بە یەکگرتویی.

هەولَی ولاَتانی رۆژئاوا لە ئێستادا "بە پێدانی چەك بە کوردەکان لە رێگەی بەغداوە، هەولێکە بۆ هاندانی هەردو لا لە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، لە بارەی داهاتەکانی نەوت و مانەوەی کورد لە چوارچێوەی عێراقدا"، لە راستیدا پێشخستنی هێزی سەربازی پیشەیی کوردیی پێش مەرجی پێویستە بۆ هەماهەنگی کار لەگەڵ حکومەتی بەغدا لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییە هاوبەشەکانی دژ بە داعش.

هاوکاریە سەربازیەکانی رۆژئاوا پشت بەو روانگەیە دەبەستێت کە بەخشینی چەك و راهێنانی هێزی کوردی "پێشمەرگە" توانای پێشمەرگە باشتر دەکات، لە روبەروبونەوەو جەنگی دژ بە داعش. لە سەرەتاوە هەر دوو پارتی دیاری کوردستان (پارتی و یەکێتی) دور کەوتنەوە لەو رێکەوتنامە ستراتیژیەی لە نێوانیاندا هەبوو کە ماوەیەك لە یەك بەرەدا هەردو هێزی هێشتبویەوە لە بەرامبەر حکومەتی عێراق و ئێران و تورکیادا.

ئەمەش خالێکی لاوازی کوردەکانە لەجێگەی ئەوەی ئەم دۆخە بیانگەیەنێتە کەناری یەکبونی دامودەزگا کوردیەکان، بە پێچەوانەوە شەری دژ بە تیرۆر سەر لەنوێ ناکۆکی کۆن لە نێوانیان سەری هەڵداوەتەوە، لە بری ئەوەی پەرە بە هەنگاوەکانی گورینی هێزی پێشمەرگە بۆ هێزێکی سەربازی و پیشەیی و ناسیاسی بدەن، بە پێچەوانەوە دەرگاکانی بۆ دەستێوەردانی هێزە دەرەکیەکانی وەك (ئێران) لە کاروباری ناوخۆی هەرێم و سیاسەتی کوردی کردەوە . هەروەها هەوڵدانی کوردەکان بە دەست بەسەراگرتنی ئەو زەویانە و سەرچاوەکانی کە بانگەشەی ئەوەی بۆ دەکەن بەشێکە لە هەرێمەکەیان، پەیوەندی نێوان کورد و هێزە عەرەبە سونیەکان و حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی ئالۆزترکرد.

وەك ئەوەی دیارە دوای وەرگرتنی یەکەم هاوکاری سەربازی رۆژئاوایی لە مانگی ٨ی ٢٠١٤ پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کرا، دوای رەزامەندی وەرگرتنی بەغدا، هەروەها ژمارەیەك چەکی جۆراوجۆر وەرگیران، لە لایەن هێزە بەخشەرەکانەوە، بەبێ مەرج بون، لە بارەی دابەشکردن و بەکارهێنانی لە هێڵکەکانی پێشەوەی بەرگریی. ئەمەش وایکرد لە دەرئەنجامدا پارتی دیموکراتی بە شێوەیەکی نارێك و تاك لایەنە سود لەم هاوکاری و چەکانە وەربگرێت، لەبەرامبەردا یەکێتی نیشتیمانیش زیاتر پشتی بە یارمەتیە سەربازیەکانی ئێران بەست و لەلایەکی دیکەشەوە جۆرێك لەهاوپەیمانی لەگەڵ PKK دروستکرد. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەردوو هێزە شەریکەکە لە حکومەتی یەك ریزی نیشتمانی ئارەزویان بۆ دابەشکردنی رۆڵ و هەماهەنگی نێوانیان لاوازبوو، هەربۆیە رۆڵی هێزە کوردیەکان کەمتر کاریگەر بوو کە دەبوایە بەهێزبن.

ئەمە لە کاتێکدا هاوپەیمانان هاوکاریەکانی پەیوەست کرد بە رەزامەندی و رۆڵی حکومەتی عێراقی لە دابەشکردنی، چونکە هەرەشەبوو بۆ یەکپارچەیی عێراق، لەراستیدا تێکچونی هاوسەنگی لە نێوان خودی کوردەکان و عەرەبی سونە، کوردەکان و حکومەتی بەغدا و تاران و ئەنکەرە زیاتر کرد، سەرەڕای ئەوەش بە تواناکردنی هێزە کوردیەکان لەسەر بنەمای حیزبی زیاتر رێگە خۆشکەربو بۆ دەستێوەردانی دەرەکی و لاوازکردنی بە دامودەزگاکردنی دەوڵەت. ئەمەش ئەو پرسیارە دروست دەکات چۆن پێدانی زیاتری چەک دەتوانێ زیاتر بە هێزتری بکات؟.

هاوپەیمانان لە جیاتی هەماهەنگی پێویستە زیاتر باوەڕ بە کوردەکان بهێنن، کە یەکخستن و بە دامودەزگاکردنی یەکە سەربازی و ئەمنی و زانیاری هاوتاکان تەواوبکەن، بەشێوەیەك پایەکانیان دوربێت لە حیزبی بوون، ئەویش لە رێگەی ئەوەی کە ئەولەویەتی پارتی و یەکێتی بە پیشەیی کردنی هێزی پێشمەرگە بێت، هەروەها هەماهەنگی لەگەڵ گروپە چەکدارەکانی تر لە ناوچە جێناکۆکەکان بکەن، هەروەها پلانێك دابرێژن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ بەهێزکردن و هاوکاری ئەمنی لەو ناوچانەدا.

سەرکردەکانی هەرێمی کوردستان دواکەوتن لە یەکخستنی نێو ماڵی خۆیان، کەدەبوە یارمەتی دەرێکی باشیان لەشەری دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی، بە پێچەوانەوە رەنگە کێشە کۆنەکانی ناوخۆ سەر هەڵبداتەوە. بەشێوەیەك کە دەتوانین بڵێین زۆر مەترسیدار دەبێت لەسەر دۆخی ئارامی لەناوچەکەدا.

## راسپاردەکان

### بۆ وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەندامانی هاو پە یمانی نێودەوڵەتی

١. پێکهێنانی ناوەندی سەرکردایەتی هاوپەیمانان، کە دەتوانرێت لە رێگەیەوە ئاراستەی هاوکارییە سەربازیەکان بکات بۆ کوردەکانی عێراق، کە بەرپرسیاریەتیەکەی بەم شێوەیە دەبێت:

أ. هەماهەنگی بۆ ناردنی هاوکاریەکان بۆیان و راهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەن ئەندامانی هاوپەیمانان.

ب. ئەو ناوەندە گەرەنتی ئەوە بکات کە ئەو چەکانە بە شێوەیەکی پێویست دابەشبکرێن و بەکاربهێنرێن لەلایەن لیوا هێزە هاوبەشەکانی یەکێتی و پارتییەوە.

ج. بەشداری پێکردنی وەزیری پێشمەرگە و یەکێتی و پارتی سەرکردەکانی لیوا هاوبەشەکان لەسەر تاکتیکە سەربازیەکان و بەکارهێنانی ئەو چەکانەی کە هاوپەیمانان دابینی دەکەن.

د. پاڵپشتی سەربازی بە شێوەیەك کە بەهەماهەنگی لەگەڵ لایەنە هێزە خاوەن رۆڵەکان و غەیرە کوردیەکان و حکومەتەکەی عەبادی بکرێت، بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیون دژ بە داعش لەناوچە کێشە لەسەرەکان. هەروەها رێکەوتن لەسەر دارشتنی پلانێك لەگەڵ حکومەتی عەبادی بۆ گەراندنەوەی دامودەزگا خۆجێیەکان و هێزە ئەمنیەکان بۆ ئەو ناوچانە.

### بۆ وەزیری پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی

٢. پێکهێنانی ژوری ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان کە وەزیری پێشمەرگە و سەرکردەکانی لیوا هاوبەشەکانی یەکێتی و پارتی و دەزگا ئەمنیە تایبەتمەندەکان لە خۆ بگرێت، بۆ دارشتنی ستراتیژیەتی ئەمنی کوردی.

٣. بەردەوامی دان بە تێکەڵکردنی هێزە نیمچە سەربازیەکانی لە لیوا هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی کە وەڵامدەرەوەبێت بۆ یەك زنجیرەی سەرکردایەتی کردن و وازهێنان لە بڵاوە پێکردنی هێزی نارێکخراو دژ بە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

٤. باشکردنی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عەبادی و سوپای عێراق بۆ دەستەبەرکردنی چەك و راهێنان بۆ حکومەتی هەرێم .

٥. تێکەڵکردنی تەواوی سەرجەم دەزگا سەربازی و ئەمنی و زانیاریەکانی پارتی و یەکێتی لە هەرێمی کوردستان.

**بۆ سەرۆکایەتی هەرێم**

٦. هاندانی یەکخستنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گشتی و وەزارەتی پێشمەرگە بەتایبەت و رزگارکردنیان لە هەژمونی حیزبی.

٧. هاوبەشی پێکردنی حکومەتی عەبادی لەسەر ئایندەی ناوچە جێناکۆکەکان و دامودەزگا خۆجێیەکان و وازهێنان لە بانگەشەی سەربەخۆی کورد .

٨. زیادکردنی هەوڵەکانی هەماهەنگی و هاوپەیمانی لە نێوان یەکێتی و پارتی بۆ زیاتر بەرقەراکردنی ئاسایشی حکومەتی هەرێم .

**بۆ حکومەتی عێراق**

٩. دانانی ستراتیژیەتیەکی ئەمنی هاوبەش لەگەڵ حکومەتی هەرێم بۆ بەرەنگاربونەوەی داعش، هەروەها هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵواسراوەکانی لە بارەی ناردنی نەوت و دابینکردنی بودجە.

**بۆ حکومەتی تورکیا و ئێران**

١٠. پاڵپشتی کردنی هەوڵەکانی هاوپەیمانان بۆ بە دامودەزگا کردنی پێشمەرگە و باشترکردنی هاوکاریکردنی لەگەڵ حکومەتی ناوەند.

بەغداد/ هەولێر/ برۆکسل، ١٢ مایو ٢٠١٥

## تێبینی لەسەر راپۆرتەکە

- لە بەشێکی ئەم راپۆرتەدا گروپی (ICG) جۆرێك لە مامەڵەی نابابەتی بەناوی کورد و چەکدارکردنی هێزی پێشمەرگەوە دەکات، ئەمە لەکاتێکدا هێزەکانی پێشمەرگە تاکە هێزە کە لە مادەی ١٢١/برگەی پێنجەم لە دەستوری عێراق بە رەسمی ناسێنراوە، لە چوارچێوەی هێزەکانی بەرگری عێراق، هەروەها چەکدارکردنی چەندین جار لە بودجەی عێراق و رێککەوتنی سیاسی هەرێم و حکومەتی فیدراڵیدا ئاماژەی بۆ کراوە، بەلاٌم حکومەتی فیدراڵ پابەند نەبووە بە چەکدارکردنی هێزی پێشمەرگەوە. ئەوەتا لە ئێستادا حکومەتی عێراق و ولاٌتانی ناوچەکە بەتایبەت (ئێران) چەندین گروپ و هێزی ملیشیایی عێراقیان چەکدار کردووە، بەلاٌم لە راپۆرتەکەدا بەو شێوە نا بابەتیەی پێشمەرگە ناویان نەهێنراوە.

- لە چەند خاڵێکی تردا بە بایەخەوە باسی چەکدارکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و راهێنانیان دەکات لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانانەوە، ئەم هاوکاری کردنەشی پابەندکردوە بە یەکخستن و بە پیشەیی کردنی هێزەکانی پێشمەرگە. ئەمەش خاڵێکی زۆر گرنگە، کە پێداگری لەسەر یەکخستنی هێزەکانی پێشمەرگە و دەرکردنیان لەژێر دەستی حیزب دەکات.

- لەبەشێکی راسپاردەکانی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و سەرکردەکانی پارتی و یەکێتی و سەرۆکایەتی هەرێم، جەخت لە یەکخستنی هێزە سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییەکانی هەرێم دەکات و پێداگری لە دارشتنی ستراتیژیەتی ئەمنی هەرێمی کوردستان دەکاتەوە، چونکە وای دەبینێت ئەم هەنگاوانە هەرێم لە دەستێوەردانی دەرەکی و بەکارهێنانی هێزەکانی پێشمەرگە لە لایەن حیزبەکانەوە دور دەخاتەوە.

**بۆ سەرچاوەکەی بە زمانی ئینگلیزی بڕوانە:**

http://www.crisisgroup.org/~/media/Files/Middle%20East%20North%20Africa/Iraq%20Syria%20Lebanon/Iraq/158-arming-iraq-s-kurds-fighting-is-inviting-conflict.pdf